**شانۆیی/**

# ....... گەشتێک بەناو ڕابردوودا.......



## نووسینی/ ئومێد لەتیف

(دیمەنی -1- )

(ماڵی سروەو سەردار، سەردار لە کار دێتەوە ماڵەوە، ماندوو و ناڕەحەتە)

سەردار/ (بەگرژی یەوە) سروە!........ئاخ، ئەمڕۆش هەر وەک و ڕۆژانی تر، هەمان دەرد، چ دەردێک! سروە!

سروە/ (بەنەرمی یەوە دەرئەکەوێت) بەڵێ! ...بەخێربێیتەوە!

سەردار/ بژیت، ...سروە، ئا ئەڵیم کەس تەلەفۆنی بۆ نەکردووم؟

سروە/ نەخێر!

سەردار/ ئەی هیچ پۆستم بۆ نەهاتووە؟

سروە/ نەخێر، بەس ڕێکلامەمان بۆ هاتووە،(پاش کەمێک) سەردار ئەوە بۆ وا بێ تاقەتیت؟ چی یە هیچ ڕووی یاوە؟

سەردار/ نا...نەخێر..کەمێک ماندووم!

سروە/ سەردار من بم و تۆ بناسم ئەزانم شتێک هەیە!

سەردار/ سروە....ئەتەوێت بزانیت چی بووە؟

سروە/ بەڵێ بۆ ! دەی سەردار بۆت باس نەکردم بۆچی وا بێ تاقەتی

سەردار/ ئا ئێستا هەموو شتێکم لێ ئەبیستیت تاقەتم لە هیچ شتێک نەماوە، لە ئیشەکەم، لە تۆ، لە خەڵک، لە هەمووان، لە دراوسێکان، لە بێگانە. سروە گیان تکات لێ ئەکەم ڕزگارم کە لەم بێ تاقەتی یە!!!

سروە/ بۆ لە چی بێ تاقەتی؟

سەردار/ لە هەموو شتێکی ئەم وولاتە!

سروە/ جا من چیم پێ ئەکرێ؟ خۆ تۆ بۆخۆت ئەم وولاتەت هەڵبژاردووە.

سەردار/ بۆخۆم؟ من بە وویستی خۆم هەرگیز ئێرەم هەڵنەبژاردووە!

سروە/ ئەی کێ بە قوربان؟ خۆ ئیشەڵا ئەمان نەیان ناردووە بە دوواماندا.

سەردار/ سروە گیان ئاخر .... ئاخ .. نازانم... چاوەکەم ، دڵەکەم، لێرە ڕۆحم دەرئەچێت... دڵم ئەتۆقێت.... ئەمرم!

سروە/ سەردار گیان بیرت نەچێت لەهەر کوێ بین هەر ئەمرین!

سەردار/ ئاخر ئەمەوێ بەسەربەرزی یەوە بمرم! ئاخ

سروە/ چی یە بۆ لێرە سەربەرز نیت؟

سەردار/ نەخێر! قەت سەربەرز نابم .... قەت قەت .... ئەزانی بۆ؟

سروە/ نەخێر بۆ؟

سەردار/ چونکە لێرە دەوڵەت بەخێوم ئەکات، لێرە دەوڵەت کەسێتیم بۆ دیاری ئەکات نەک خەڵک! خەریکە مێشکم ئەتەقێ!

سروە/ ئەوە چیتە سەردار! بۆخاتری خووا کەمێک وەرەوە سەر خۆت ... ئەزانی چەند زەحمەتیمان کێشا هەتا گەیشتینە ئێرە!

سەردار/ هەمووی ئەزانم...بەڵام ئەمەوێت بە سەربەرزی بمرم! تۆ لە من ناگەیت!

سروە/ چاک لێت تێ ئەگەم ... بەڵام ئێرە ئەوێ نی یە... لە بیرت نەچێ !

سەردار/ ئەوە ئەزانم ... بۆیە ئەوەندە بێ تاقەتم... بۆیە... ئەمەوێت بڕۆینەوە!

سروه/ بۆ کوێ بڕۆینەوە؟

سەردار/ بۆ وولات !

سروه/ بۆ وولات؟

سەردار/ بەڵێ !

سروه/ ئەوه بەڕاستە؟

سەردار/ وا بەتەمام!

سروه/ هەرگیز !

سەردار/ (توورەیە ... بەڵام هیچی بۆ ناکرێ....) من هەر ئەڕۆمەوە! چەند جارم پێ ووتویت کە من میوانم لێرە، تۆ بۆ لێم تێ ناگەیت من ئێرە هەر جێ ئەهێڵم!

سروه/ لێم تێناگەی! لێم تێناگەی چیتە؟ ئۆکێی، وا دیارە تۆ هەر بەئەقڵی خۆت ئەجوڵێیتەوە، باشەبڕۆ بلیت ببڕەو بڕۆرەوە! ( دیارە پێشی ناخۆشە)..سەردار باشە ناترسیت بگیرێیت؟

سەردار/ لەکوێ بگیرێم؟

سروه/ لەوولات!

سەردار/ نا نا خەمت نەبێت، وولات بڕیاری لێبووردنی گشتی دەرکردووە.

سروه/ کەیفی خۆتە، بڕۆرەوە تا بێتاقەت ئەبیت بمێنەرەوە!

سەردار/ ئەی جەنابت؟

سروه/ جەنابم؟ خۆت ئەزانیت من وەک و تۆ بیر ناکەمەوە، ئێ تازە کارەکەشم بووە بە کاری هەمیشەیی، ئەم دەستکەوتەش هەروا بەئاسانی لەدەست خۆم نایەم! بیریشتت نەچێت، ئەی چی لە دەوامی منداڵەکان بکەین؟ خۆ تازە ئەمان لێرە ئەخوێنن!

سەردار/ (بەنابەدڵی) تێگەیشتم! یانی هەرخۆم ملی ڕێگا بگرم؟

سەردار/ ئەی چی....بۆ نا!

سەردار/ (ڕائەکشێت....بیرئەکاتەوە) زۆر مانووم! ئەمەوێت بحەسێمەوە!

(تاریکی)

(دیمەنی -2- )

( سەر شانۆ خامۆشە، سەردار هێواش دێتە ژوورەوە جانتایەکی سەفەری پێە
4 کەس تابوو تێکیان پێیە، مۆسیقای شەهید لێئەدرێت....سەردار جانتاکەی دائەنێ
وەک ڕێز سلاو لەمردووەکە ئەکات...تا تێپەڕ ئەبێت.........پاش کەمێک دووای تەرمەکە
دوورئەکەوێتەوە 2 پۆلیس دەرئەکەون و بەرەولای سەردار دێن)

پۆلیس1/ ئەرێ زەحمەت نەبێت، جەنابت دکتۆر سەرداریت؟
سەردار/ بەڵێ بۆ؟
پۆلیس2/ جەنابیشت تازە لەهەندەران ئەگەڕێیتەوە ؟
سەردار/ بەڵێ وایە، بۆچی؟
پۆلیس1/ کەواتە ئەبێت تا مەرکەزی پۆلیس لەگەڵمان بێیت!
سەردار/ مەرکەزی پۆلیس؟ بەڵێ باشە، بەلام نابێت بزانم بۆچی؟
پۆلیس2/ نا نا....بۆچی و مۆچی ناوێ...بەڕێزت میوانی خۆمانیت، خەمت
نەبێ هیچ نیە!
پۆلیس1/ کاک سەردار لەوێ لەمەرکەز هەموو شتێکت تێئەگەیەنن! تۆ
فەرموو جارێ پێشمانکەوە!
سەردار/ (بەسەر سووڕمانەوە) هەر ئاوا؟
پۆلیس2/ (چەکی لێ بەرز ئەکاتەوە) بەڵێ هەرئاوا، هیچ ئەملاولای ناوێت
فەرموو پێشمان بکەوە! (ئەیبەن و ئەڕۆن).......

(دیمەنی 3)

( کاروان و ئاسۆ 2 هاوڕێن پێکەوە یاری زار زۆری ئەکەن)

کاروان/ ئەرەوەڵلا ئەمجارەشیان بردمەوە!

ئاسۆ/ دانیشە فشەکەر! چاوم لێت بوو تۆ زار ئەگریت....

کاروان/ دەبڕۆ کەرە...زارگرتنی چی و شتی چی من لێی ئەزانم...(سامانە شێت ووردە ووردە دەرئەکەوێت)

ئاسۆ/ کاروان کارون...تەماشا کە کێ هات!

کاروان/ سامانە شێت؟ وەی بەقوربانی خووابم...ئێستا پێی ڕائەبووێرین...

ئاسۆ/ وەللا هەزار جار...سامان ئاوەرە!

(سامان ڕوی خۆشەو بە پێکەنینەوە بەرەو ئەوان یەت)

کاروان/ سامان ئادەی گۆرانی یەکمان بۆ بڵێ!

سامان/ ئێ باشە کە گۆرانیم ووت، دووایی منتان خۆش ئەوێت؟

ئاسۆ/ ئەی چۆن سامان گیان ئێمە هەموومان تۆمان خۆش ئەوێت.

سامان/ منیش هەمووتانم خۆش ئەوێت!(گۆرانی ئەڵێ.........) ئازیزم وەرەلام وەرەلام ......بەبێ تۆ ئاوارەم وەرەلام وەرەلام......

کارون/ دەبڕۆ کەرە...ئەڵێی میز ئەکەیت بەتەنەکەیا!

ئاسۆ/ سامانە لوت پان....شێتە....سەر شوتی.....ووووو (بە گاڵتەوە...هەردووکیان..ڕائەبێرن)

سامان/(بەتووڕەیی یەوە بۆ بەرد ئەگەڕێت...) وەڵڵاهی ئێستا بەبەرد سەری هەردووکتان ئەشکێنم......سەگ بانینە! حەیوانینە!

(کاروان و ئاسۆ ڕائەکەن...سامانیش بەدووایانا)

(تاریکی)

(ماڵی حەمدی خان......سارا کچێتی و سازە هاوڕێی سارایە

حەمدی/ (سینی یەکی پێە و خەریکی ساوەر بژارکردنە...) ئەرێ کچینە ئاگاتان لە باجی فاتم بوو چی بۆ ئەو کوڕەی ئەکرد؟

سارا/ ئێ دایە گیان خۆ ئەو ئەبووایە دڵخۆش بووایە لەبری ئەوەی وای بکردایە!

حەمدی/ بۆ سازە گیان لەوە ناخۆشتر هەیە ڕۆڵەی خۆت بەجوانەمەرگی ببینیت؟ ناحەقت ناگرم، بامناڵت هەبێ ئەوسا ئەزانیت!

سازە/ سارا...دایکت ڕاست ئەکات..خۆ فاتمەخان کوڕی خۆی نەدۆزیبووەوە!

سارا/ ئاخر...ئەو کوڕەکەی شەهید کراوە خۆ ئەمەش کەم نی یە...

سازە/ بەڕاستە سارا؟ لەکوێ شەهید کراوە؟

حەمدی/ کچێ وس بن بۆ خاتری خووا...دارو دیواریش گوێی هەیە!

سارا/ ئێ دایە گیان هەر بۆ خۆت نیت باس ئەهێنیتە پێشەوە؟....ئەڕەوەڵڵا سازە تازە ئەو شەهیدەو ئەبێ شانازیشی پێوە بکرێت!

حەمدی/ کچێ بۆخاتری خووا دەمت داخە، بزانە بە گۆبەنێکمانا نایەیت؟ تۆ سەیری تەماشای ئەم کچە دەم درێژەم ناکەیت؟

سارا/ بۆ بەقوربان؟ وەڵڵاهی ئەبێ شانازی بکەیت کە کچی وات هەیە!

سازە/ حەمدی خان لێی مەگرە خوێن گەرمە...بەڕاستی سارا بۆ خۆی سارایە!....

(سامان بە نوزەنوز دەرئەکەوێت)

حەمدی/ ئەوە چی یە کوڕی خۆم؟

سامان/ ئەو سەگبابانە گاڵتام پێ ئەکەن....هم همم (ئەگری)

حەمدی/ سەگباب کێ یە؟

سامان/ منـالی دەروە...وەڵڵاهی خەریک بوو بەبەرد سەریان پان بکەمەوە....

حەمدی/ کوڕی خۆم نا وانەکەیت..ئەوان تەنها یاریت لەگەڵ ئەکەن..هەستن کچینە بابڕۆین نانەکامان بخۆین! وەرن بابڕۆین....(هەموو ئەڕۆن).....

(شانۆ خامۆشە...ووەدەووەدە مۆسیقا یەت...کۆرسیش یەک یەک دەر ئەکەون)

ئەگەر ویستان لە شێتێ تێ بگەن
ئەگەر ویستان لە زیندانی یەک بگەن
وەرن مێژووی خۆتان بنوسنەوە
وەرن وانەی زمانی دایکتان بڵێنەوە

ئەگەر ویستان دایکی شەهید بناسن
ئەگەر ویستان سۆزی لاوان پێناس بکەن
سەرنج بدەن لەداستانەکانی مێژوو
سەرنج بدەن لە خوێنی شەهیدان

ئەگەر ویستان لە زمانی ئازادی بگەن
ئەگەر ویستان لە هەستی نامۆیی بگەن
وورد بنەوە ، کۆبنەوە، یەکگرنەوە......یەکگرنەوە
وورد بنەوە ، کۆبنەوە، یەکگرنەوە......یەکگرنەوە

(دیمەنی -4- )

(زیندان.......دوو پۆلیسەکە لە سەردار ئەیەن)
سەردار/ ئاخ! بۆ خاتری خووا پشتم شکا.....
پۆلیس1/ چاک گوێبگرە! حاکم هەرچیەکی لەسەر ڕوونکردیتەوە بێدەنگ ئەبیت، تێگەیشتیت؟
سەردار/ چۆن بەهەموو شتێک هەر بڵێم باشە!
پۆلیس2/ (لەپڕ لێی ئەیات)...گوێبگرە! سەگ باب...جەنابت وا ئەزانیت ووڵات جێهێشتن گاڵتەیە؟
پۆلیس1/ بەڵێ جەنابی بۆ خۆشی خۆی چۆتە دەرەوە...تا تێر بووە تێربووە...ئێستاش سەرەی ئێرەیەتی!
سەردار/ ئەوە ئێوە ئەڵێن چی...کاکە من بۆ ئەو شتانە نەڕۆیشتووم کە ئێوە.....
پۆلیس2/(لێی ئەیات) ووس بە! ئەوا پێت ئەڵێم چیمان ووت وا ئەکەیت بێ ئەملاو لا! ئەگینا بەدەردی زیاترت ئەبەین...

پۆلیس1/ گوێت لێبوو؟.....
(سەردار وەڵام نایەتەوە....ئەوانیش زییاتر ئەزێتی ئەیەن)
سەردار/ ئەی هاوار باڵم دەرهات بۆ خاتری خووا!...کوڕە شانم دەرهات....کاکە گیان...ئێوە چۆنتان پێخۆشە وابێت...بەڵام وازم لێبێنن!
پۆلیس1/ ئاواهی...خووام لەو خووایە وانەبێت! ئێمە خۆمان لەپاڵتا ئەوەستین کە مەحکەمە ئەکرێیت!
پۆلیس2/ (تەماشای سەعاتەکەی ئەکات) بابیبەین...کاتی ئەوە هاتووە خۆی لەبەر بکات، ئادەی پێشمان کەوە بۆ مەحکەمە! (ئەیبەن)

(حاکم بەبەرگی قانوونی یەوە دەرئەکەوێت کاغەزێکی زۆری پێ یە...کچێکی دەست نوسەری بە دوواوەیە، حاکم لەسەر جێی خۆی دا ئەنیشێت...کچەکەش لەبەردەمیا....)
حاکم/ ئادەی فەرمانبەر...بزانە تاوانبار ئامادەیە؟
فەرمانبەر/ بەڵێ گەورەم هەر ئێستا...(ئەڕوات...حاکم تەماشای کاغەزەکان ئەکات، پاش کەمێک...چراخان...دەرئەکەوێت)
چرا/ گەورەم...ئامادەیە، داوا بکەم بیهێننە ژوورەوە؟
حاکم/ بەڵێ بابێن!
چرا/ (لەبەر دەرگاکەوە بەپۆلیسەکان) ئادەی تاوانباری ژمارە88 بابێتە ژوورەوە!(ئەگەڕێتەوە جێگەی خۆی)
(پۆلیسەکان...سەردار ئەهێننە ژوورەوە)
حاکم/ بسم اللەالرحمن الرحیم، ناوی جەنابت؟
سەردار/ قوربان سەردار
حاکم/ نازناو؟
سەردار/ قوربان نیمە....
حاکم/ باشە...کەواتە ناوی سییانیت؟
سەردار/ قوربان هی ئێرە؟
حاکم/ بەڵێ ئەی قابیلە هی ئەفغانستان؟..(پۆلیسەکان چاوی لێ مۆڕئەکەنەوە)

سەردار/ بەڵێ گەورەم  سەردار ئەحمەد خەلیل
حاکم/ زۆر باشە، بەپێی ئەم نوسراوە وادەر ئەکەوێت جەنابت دەمێکە وڵاتت جێهێشتووە، وانی یە؟
سەردار/ بەڵێ گەورەم....بەڵام....
حاکم/ (پێی ئەبڕێت)...جەنابت لە مانگی 5 ی ساڵی 1983دا بێ ئاگاداری دەوڵەت هەڵاتووی..
سەردار/ قوربان بەڵگەی خوێندنم هەبوو بەڵام....(پۆلیس1 داری لێ بەرزئەکاتەوە)
حاکم/ لەو بەروارەی تۆ ڕۆیشتویت هیچ خوێندکارێک بەبێ تەواو کردنی مەشقی سەربازی...ماف پێنەدراوە وڵات جێبهێڵێ بەمەبەستی خوێندن.....بۆیە...بە پێی یاسای گشتی ژمارە257 بڕیار ئەدەم 4 ساڵ زیندانی بکرێیت، ئەمەش دەقی یاساکەیە:
سەردار/ ئاخر گەورەم.....(پۆلیسەکان پێی ئەبڕن)
حاکم/:یاسای ژمارە257 :هەر هاووڵاتی یەکی بەشەرەف بۆ پاراستی نیشتیمان و وڵاتەکەی ئەبێت پاش خوێندن یان لەتەمەنی 18 ساڵاوە، ئەرکی سەر شانێتی مەشقی سەربازی بۆ ماوەی 36 مانگ بە ئەنجام بێنێ، هەر کەسێک سەرپێچی ئەم یاسایە بکات ئەوە ئەبێت بە سزای  خۆی بگات ئەویش بە ماوەی 4 ساڵ زیندانی!...بۆیە ئێستا بڕیار ئەدەم لە بەرواری ئەمڕۆدا کە ئەکاتە 15 /10 /1990 ئیمزا حاکم ئەحمەد..(دەست بۆ فەرمانبەرەکە ڕائەکێشێ) چراخان بۆم بێنە با ئیمزای کەم!
چرا/ بەڵێ گەورەم فەرمووو!
سەردار/ ئاخر گەورەم ئەمە ڕەوای حەق نی یە ..... ( پاسەوانەکان بێ دەنگی ئەکەن و پێشی ئەخەن)

تاریکی

دیمەنی -5-

( شانۆ بە دوو پەردەی سپی دائەپۆشرێ....سروە لەسەر ڕەوڕەوەیە و مۆمی بەدەستەوەیە، بە هێمنی گۆرانی ئەڵێ)
سروە/ چەندی گەڕام لە شاران نەمدیی کەس وەک تۆ جوان بێ......

سەردار/ (بە ئارامی بۆ دەنگەکە ئەگەڕێ و گۆرانی یەکەی بۆ ئەسەنێتەوە) کیژۆڵە نەشمیلانەکەی جاران بە یادی تۆوە ئەژیم لەشاران، بیندارم بریندارم..........

سروە ئەوە لە کوێی....وەرە بۆ لام دوور مەکەوەرەوە!

سروە/ ( ئەخولێتەوە بە پێکەنینەوە) ئەوەتام نامبینی...ئەی ئەوە نی یە لەلاتم؟

سەردار/ نا سروە زیاترم ئەوێ.. نامەوێ دوور بیت....ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت

سروە/ ئەی نابینیت هەمیشە لەلاتم

سەردار/ نا نا لەوەش نزیکترم ئەوێ

سروە/ بەڕاستە؟ سەردار من تەنها تۆم هەیە لێی ی نزیک بم

سەردار/ ئەی تۆ بڵێی هەر ئاوا پێکەوە بین؟

سروە/ ئەی بۆ نا بە مەرجێ گەر بهێڵن

سەردار/ کێ ناهێڵێ؟

سروە/ دڕکی مەم و زین!

سەردار/ ئۆه سروە، وا هەست ئەکەم ئەودڕکانە هەمیشە لە ناخمان..........ئازارم ئەیەن

سروە/ بەڵام ئەوان ناتوانن هیچمان بەرامبەر بکەن، بەمەرجێ ئەگەر ئێمە بەهێز بین

سەردار/ بەهێز بین؟ مەبەستت چی یە؟

سروە/ مەبەستم ئەبێ من و تۆ ڕاستگۆ بین بەرامبەر بە یەکتر، بەرامبەر بەوەی کە ئەیکەین.

سەردار/ بەڵام ئێمە کەمین...

سروە/ ئەوە گرنگ نی یە گرنگ ئەوەیە ئێمە لەسەر ڕاست بین..... ..........

سەردار/ ماندووم ئەمەوێ بحەسێمەوە ( ڕائەکشێ ، شانۆ ووردە ووردە تاریک ئەبێ........دەنگی تەق و تۆق و هات و هاوار ئەبیسترێ... ووردە ووردە دەنگی سروودی پێشمەرگە؛سڵاوی گەرم؛ ئەبیسترێ....)

سەردار/ ( سروە دیار نەماوە..ئەمیش لە خەو ڕائەچڵەکێ ) ئەمە چی یە ها( بە هێمنی ئەچێتە پێشەوە گوێ بۆ دەنگەکە شل ئەکات) ماوەیەکی زۆر بوو لەم هەراو هۆریایەم نەبیستبوو.......... تۆ بڵێی ( لەم کاتەیا چەکدارێ خۆی ئەکا بە ژوورا و شڵەژاوە) کاکی برا ئەوە چی یە ؟ کێ کوژراوە؟ئەی بازار قڵیشاوەتەوە؟

چەكدار/ چی ئەوە لەگوێی گایا خەوتوویت؟ قلێشانەوەی چی و شتی چی! ئەوە ڕاپەڕینەو سەرانسەری كوردستانی گرتۆتەوە!

سەردار/ ڕاپەڕین(حەپەساوە) چۆن چۆنی؟

چەكدار/ (دەرگای لێئەكاتەوە) وەرە كاكی برا وەختی چەنێتی و چۆنایەتی نی یە، برۆ هەوای ئازادی هەڵبمژە!.....(لەپڕ میلی لێئەهێنێتەوە) نەجوڵێیت بووەستە! جەنابت كێیت و لەسەر چی گیراویت؟

(لەپڕ چەكدارێكی تر خۆی ئەكات بەژووردا)

چەكداری$2$/ ئاھ كاك سەردار ئەمە تۆیت؟

سەردار/ كاك ئیبراهیم!(باوەش ئەكەن بەیەكدا، چەكداری$1$ یەتە دوواوە) ئەمە لە كوێوە دەرئەكەویت؟

ئیبراهیم/ دكتۆر گیان ئەمە مێژوویەكی دوورو درێژە، بەهەرحاڵ لەگەڵ كەرتی ناوخۆدا دابەزیوم!

سەردار/ كوڕە وام زانی ئەم كاكەیە ڕائەبێریت، ئەوە بەڕاستانە! ڕاپەڕینە؟

هەردوچەكدار بەپێكەنینەوە/ وەرە بەقوربان فریا كەوە تۆزێك هەوای ئازادی هەڵمژە!

سەردار/ وەی بەقوربانی خۆتان و هەوای ئازادیش بم! دەی باڕاكەین تا بەشمان ماوە!

(پێكەنین......ئەڕۆن)

## دیمەنی -6-

(سروە لەماڵەوەیە، دەنگی تەلەفۆن ابیسترێت)

سروە/ ئەلو سروە! ئا دایەگیان چۆنی، .....باشی! دەستت ماچ ئەكەم..وەڵا ئێمەش هەموو باشین...چۆن ..ئەوە ئەوە بەڕاستە؟...لە عێراق؟....كوردەكان؟...نەوەڵا..ئاگام لەم هەواڵانە نەبووە! ئێ خۆت ئەزانیت من ئێواران كار ئەكەم، خۆ لەبەر دەوامی منالەكانیش ئەبێ زوو بخەوین، بەڕاستی ئەم هەواڵە زۆر خۆشە، بەڵام تۆ بڵێی هیچ بەسەر سەردارا نەهاتبێ؟....نەوەڵا خۆ ئەویش لەو خەڵكە زیاتر نی یە! نا ئیشەڵڵا هئچی بەسەرا نایات، ئێ دەی ئەم شەممەیە دەرناكەون؟ ....نا ئێمە بێین؟ دەی باشە.....خوات لەگەڵ خوا حافیزت بێ!....(تەلەفۆنەكە دائەخاتەوە)...باشە تۆ بڵێی هیچ بەسەر سەردارا

نەهاتبێ؟ ئاخ سەردار.....هەر وولات وولاتت بوو..........ئاخری بەئاواتی خۆت گەیشتیت، ئەوەش ڕاپەرین! ئیشەڵڵا ڕاپەرین سەرانسەری کوردستانیش ئەگرێتەوە!

(ئەڕوات....تاریکی)

دیمەنی-7-

(شوێن دەزگایەکی تازەی دەوڵەتە، لێپرسراوێک لەبەردەم مێزێک لەسەر کورسی یەک دانیشتووە، خەریکی کاخەز نوسینە)

سەردار/ (بەهێمنی دێتە ژوورەوە) سڵاو بەڕێز!

فەرمانبەر/ سەلام(بەردەوامە لەسەر کاخەزەکانی خۆی)

سەردار/ ئەرێ زەحمەت نەبێ؟............

فەرمانبەر/ (لەژێر لێوەوە) تۆ سەیری ئەم بیتاقەیە!

سەردار/ ببورە لەگەڵ منت بوو؟

فەرمانبەر/ ئەڵێ ی پارەم یاوەتێ...تۆ تەماشا!

سەردار/ (سەیرێکی خۆی ئەکات) کاکە بەڕاستی تێنەگەیشتم مەبەستت چی یە؟

فەرمانبەر/ ئێ تەبعەن تێناگەیت، ئەگەر سمێڵت لانەبردایە ڕەنگبووایە باشتر تێبگەیشتیتایە!

سەردار/ چۆن؟ ئەرێ کاکە ئەتناسم، ئەمناسیت؟ چۆن بەو زمانە قسەم لەگەڵ ئەکەیت؟

فەر مانبەر/ بۆ چی تییایە؟ ئەی ئازاد نین؟ خۆ ئێستاش زەمانی پێشوو نی یە خەبەرمان لێ بەیت؟

سەردار/ ببورە، زەمانی چی و شتی چی؟ ئەوەی ڕاستی بێت تازە گەڕاومەتەوەو ئەمەوێ داوای کار بکەم لێرە، لە نەخۆشخانەکانی ئەم شارە.

فەرمانبەر/ ئاوا! جەنابت پاش جادەی قیر گەڕاویتەتەوە؟ جوانە...شارمان بۆ پاک کردوونەتەوە..فەرموون ماڵی خۆتانە(هەڵ ئەستێت بەگاڵتە پێکردنەوە دەست بۆ جێگەکەی خۆی ڕائەکێشێت)...فەرموو ئەوە کورسی یەکەم و مێزەکەمە! حەز ئەکەیت جلەکانیشمت پێشکەش ئەکەم!

سەردار/ نا نا.....ئارام بەرەوە!

فەرمانبەر/ با با ...بەخوا دائەنیشیت ....

سەردار/ (ئەزانێ کابرا دڵی گەرمەو ڕائەبێرێ)..........ئاخر..........کوڕی باش

فەرمانبەر/ کوڕە بەخوا دائەنیشیت!.................(لەپڕ بەڕێوەبەر دەر ئەکەوێت)

بەڕێوەبەر/ فەرەج بەیانی و باش! ئەمە کێ یە؟

سەردار/ ببورە بەڕێز........(دەست ڕائەکێشێ) سەردار!

فەرەج/ گەورەم ئەم بەڕێزە لە هەندەرانەوە گەڕاوەتەوەو ئەیەوێت داوای کار بکات!

بەڕێوەبەر/ بەڵێ...... فەرەج فۆڕمێکی بۆ پڕبکەرەوەو پاشان بۆم بێنە(سەیری سەردار ئەکات)..جەنابت بەڵگەی تەواوت لەگەڵ خۆتا هێناوە؟

سەردار/ بەڵێ قوربان...هەروەها

بەڕێوەبەر/ زۆرباشە، چاوێک بە جێگە بەتاڵەکانی لای خۆمانا ئەخشێنم...بابزانم جێگەیەکت بۆ نادۆزمەوە! ..ئا...خوێندنت بە پلەی چی تەواوکردووە؟

سەردار/ قوربان پزیشکی......

بەڕێوەبەر/ ئم! (پاش کەمێک)... هەفتەیەکی تر تەماشای لیستی ناوەکان بکەبەڵکو تۆی بەرکەوی.... بە دووعا

سەردار/ زۆر سوپاس بەڕێز

فەرەج/ (وەرەقە دەرئەهێنێ) کابرا ئەڵێی شانست هێناوە ، دەی با دەست پێ بکەین، ناوی سیانیت.....

سەردار/ بۆ تۆ بۆم پڕ ئەکەیتەوە؟

فەرەج/ قابیلە باوکم! ( ئیشارەتی پارەی بۆ ئەکات)  دەی ناوی سییانیت؟

سەردار/ ئەها تێگەیشتم، بەڵام ئاخر لە پاسپۆرتەکەم تەنها دوو ناوی لەسەرە

فەرەج/ تۆ تەماشای ئەم کابرایە! کاکە ئەوە چی یە؟ بە دوو ساڵ لەخۆتان ئەگۆڕێن دوور نی یە تۆزێکی تر نەڵێیت کەکوردی یەکەشت تەواو نی یە!.. پاسپۆرتی چی و شتی چی، ناوی سیانیم بەرێ!

سەردار/ ئەزانم بەڵام ئەڵێم نەکو لە ناوەکەما تووشی هەڵەیەک بم!

فەرەج/ نا کاکە نا مەترسە من 10 ساڵە ئەمە پیشەمە بەخوا بگەیتە مەریخیش هەر ئەتدۆزمەوە! دەی بڵێ!

سەردار/ ئۆکەی، سەردار ئەحمەد خەلیل

فەرەج/ تەمەنت؟

سەردار/ 33 ساڵ

فەرەج/ باری کۆمەڵایەتیت؟

سەردار/ ( دەنگی سروە ومناڵەکان لە گوێچکەیا ئەبیتسێ، هەناسەیەکی قووڵ هەڵئەکێشێ) ژنم هێناوە و خاوەنی دوو مناڵم.

فەرەج/ بەڵێ، ئێ باشە لە ساڵی چەندا ئێرەت جێ هێشتووە؟

سەردار/ مانگی 5 ی ساڵی 1983

فەرەج/ زۆر چاکە، دەرچووی ساڵی چەندی؟

سەردار/ ساڵی 1982

فەرەج/ باشە .... ئادەی وەرە .. ئا لێرەیا ئیمزایەکم بۆ بکە( شوێنەکەی پیشان ئەیا، سەردار ئیمزای ئەکا، فەرەج ئیشارەتی پارەی بۆ ئەکاتەوە :) ئا دەی ئەوراقەکانی خۆشتم بەرێ!

سەردار/ (پێ ئەکەنێ، پارەی بۆ ڕائەگرێ) فەرموو ..... بەڵام تۆ بڵێی لێرە دامەزرێم؟

فەرەج/ (لە خۆشیا) ئەی چۆن ئێمە پێویستیمان بە خەڵکی وەکوو ئێوە هەیە... وا بزانە لە ئێستاوە دەوام ئەکەی، کاری بەڕێوەبەریش لەسەر خۆمە( بە پەلە وەرەقەکان ڕێک ئەخا)

سەردار/ ئەی کەی ئەوانە تەسلیمی بەڕێوەبەر ئەکەی؟

فەرەج/ هەر ئێستا! ( فەرەج بە ئەوراقەکانەوە ئەڕوات)

سەردار/ ( سەری ئەلەقێنێ و پاش کەمێک) خواحافیز کاک فەرەج.... هیوادارم زوو کارەکانم جێبەجێ بێت ...

تاریکی

دیمەنی- 8-

( سەردار بە بەرگی پزیشکی یەوە دەر ئەکەوێ و خەریکی فایلێکە لەپڕ دوو کەس و نەخۆشێک دەرئەکەوون)

کەسی 1/ دووکتۆر گیان فریایی بکەوە....

کەسی 2/ دووکتۆر گیان خەریکە ئەمرێ .....

سەردار/ ( لێی ی وورد ئەبێتەوە) چی یەتی؟

کەسی 1/ نازانم، باجی فاتم ئەڵێ وا دیارە گوورچیلەی ئێش ئەکا، ئەم شەو نەی هێشتووە بخەووین!

سەردار/ ئا دەی با بیبەین بۆ ژووری تاقیگا ( ئەچن مێزی عەمەلیات ئێنن، ئەکەن بە ژووری تاقیگایا...... شانۆ ئەبێتەوە بە پەردەی سپی ووردە ووردە دەنگی ترپەی دڵ و ئامێری پزیشکی دێت، بۆ ماوەی چەن چرکەیەک)

(کەسی1، کەسی2.....دەئەکەوێت)

کەس1/ (بە چەقۆیەکی گەورەوە شڵەژاوە) ئەیکووژم! ناهێڵم ئەم شەو بەسەرکاتەوە، کوانێ؟ لە کوێ یە؟ نا دکتۆر ( بە قیژە)

کەسی 2/ کا عەلی گیان بۆ خاتری خووا عەیبە چۆن وا ئەبێت؟

کەسی1/ با چۆن کاکمی کووشتوە! ئەوە تۆ ئەڵێی چی بەخووا لە بن عەرزیش بێ ئەیدۆزمەو.. چووە هەردوو گوورچیلەی دەرهێناون و پیشانمانی ئەیا! ئەی باووکە ڕۆ ، برا ڕۆ چیم بینی!

کەسی 2/ کاکە گیان بۆ خاتری خوا وەرەوە سەر خۆت.... دکتۆری فەقیر چی بکات

کەسی 1/ با خەتای هەیە، کاکم چەند جار لەماڵەوە وای بەسەر هاتووە دوایش باش بۆتەوە

کەسی2/ ئاخر تازە قسە فایەی نی یە، دوو دووعای خێری بۆ بکە باشترە

کەسی1/ دووعای خێر! ئەی کاکە ڕۆ! کووڕە ئەوە تۆ ئەڵێی چی! من ئەبێ بیکووژم بەخوا تاوەکوو ئەو بەرگە سپییانەی لە شالاوی خوێنا هەڵنەکێشم دڵم ئاو ناخواتەوە( بە قیژەوە ڕا ئەکا، کەسی دووش بە دووایا ڕائەکا) ئەی نا دکتۆر

تاریکی

دیمەنی-9- و کۆتایی

(ماڵ، سروە و مناڵەکان)

ئالان / دایە باووکم کەی ئەگاتە ماڵەوە؟

سروە/ ماڵەکەم ئەو ئێستا ئەبووایە لێرە بووایە، گرنگ ئەوەیە ئەو لە فڕۆکەخانەوە پەیوەندی پێوە کردووین، تۆزێکی کەش چاوەڕێ ئەکەین بزانین دەر ناکەوێ!

ئاواز/ باشە دایە تۆ نەتووت ڕەنگە باوکم زیاتری پێ بچێت؟

سروە/ نا چاوەکەم، باوکتان دیارە بیری کردووین، ئێ خۆ ئێمەش بیری ئەومان کردووە، وا نی یە؟

مناڵەکان/ بەرەوەڵا

ئالان/ ئنجا ئەم شەممەیە ئەڕۆین بۆ ماکدۆناڵس ....... باشە دایە؟

ئاواز/ نا دایە گیان با بڕۆین بۆ مەلە کردن

سروە/ با جارێ باوکتان بێتەوە... بزانین چۆن ئەبێت ( لە دەرگا ئەدرێ، مناڵەکان ڕائەکەن ڕووبەڕووی دەرگا بە خۆشی یەوە، سەردار دەر ئەکەوێ ، باوەش ئەکا بە مناڵەکانا، لە بنەوە تەماشای سروە ئەکات)

سەردار/ سروە چۆنی؟ ئەزانی سروە نازانم چی بڵێم؟

سروە/ پێویست ناکات زۆر شت بڵێیت، بەخێر بێیتەوە گرنگ ئەوەیە بە سەلامەتی گەڕاویتەتەوە!

ئالان/ بابە؟

سەردار/ گیانی بابە

ئالان/ شەممە ئەمانبەی بۆ ماک؟

سەردار/ وەی بەسەر چاو

ئاواز/ ئەی بابە نەچین بۆ مەلە کردن؟

سەردار/ کچێ ئەویش بەسەر چاو، لە پێشا بۆ مەلە ، دوایش بۆ مک

سروە/ ئەی دایکیان ؟

سەردار/ کچێ دایکیان؟ هەموو شتێکی قابیلە، سروە بەڕاستی نەبێ بە درۆ زۆرم بیر کردوون، ئەزانی لەم دووایەدا چەند خەووم پێوە بینیویت؟

سروە/ ئێ هەر بەخەو!

سەردار/ نا نا بە واقعیش، زۆر شت ڕووی داوەلەم ماوەیا...............ئێستا ماندووم ، دووایی هەر هەموویت لە نوکەوە بۆ ئەگێڕمەوە.

سروە/ ( بە منداڵەکان) ئا دەی بە قوربان ،  ئێوەش بچنە ژووری خۆتان! دەی سەردار چۆن وا زوو گەڕایتەوە؟ بۆم باس کە ، چیت کردووە و تووشی چی بوویت؟
سەردار/ سروە وا دیارە نایەڵی بحەوێمەوە.... زۆر چاکە هەر ئێستا ( سەردار دیکۆرەکە ڕێک ئەخا بۆ بینینی فیلمەکە، سروە دێت دائەنیشێ لە ناو بینەران، پاشان سەرداریش دێتە خوارەوە، شانۆ تەواو تاریک ئەبێ تا چەند ڕووداوێک بە ڤێدیۆ کلیپ پیشان ئەدرێت، پاش تەواو بوونی فیلمەکە سەردار و سروە دێنەوە سەر شانۆ)

سروە/ بەڕاستی شتی زۆرت بەسەر هاتووە!
سەردار/ ئاە سروە .... جا ئەوەی کۆتاییم بۆ باس نەکردیت، باوەڕکە کابرا تاوەک و سنوری تورکیا بەدواوەمەوە بوو.....
سروە/ (بەپێکەنینەوە) ئەو کابرایەی کە تۆ براکەیت لەژێر نەشتەرگەریا کوشت؟
سەردار/ ئا ئا...بەڵام خۆ من نەمکوشت!
سروە/ ئێ دەی ئەی چۆن لە بەڵایە ڕزگارت بوو؟
سەردار/ ئاسایشی کوردستان، ماڵیان ئاوا بێ بەقەمەرەی خۆیان بردیانمە...لای تورکەکان، کوڕە لەوە ناخۆشتر!
سروە/ ئادەی بۆ هێشتا شتی کە ماوە بەسەرت بێ؟
سەردار/ بەڵێ، ئەم جارەیان تورکەکان، کوڕە بەبیانووی فیزە فیزە....یەک هەفتە ڕایان گرتم...خۆ منیش توانای گەڕانەوەم نەبوو بۆ کوردستان، ئەمووت نەک کابرا بەچەقۆوە چاوەڕێم بێ! (سروە پێئەکەنێ) کوڕە کابرا سوێندی ئەخوارد کەبمکوژێ!
سروە/ ئێ دە بڵێ لەترسی ئەو گەڕاویتەتەوە بۆ ئێرە، نەک بیری ئێمەت کردبێ!
سەردار/ نا....نا....بەڕاستی بیری ئێوەم زۆر کردووە، خۆزگە ئێوەشم لەگەڵا ئەبوو، ئەزانی چەند شیرین بوو ئەو ڕاپەڕینە؟ ئەی ئەو هەموو کەس و کارە کە یەن بۆلات؟ هەواڵت ئەپرسن، قەت نایەڵن تەنیا بیت! بۆ نەخۆشی ئەوێرێت بێ بەلاتا؟
سروە/ چی یە سەردار؟ ئەم هەموو ناڕەحەتییەت چەشتووە، هێشتا لەسەر بیرەکەی جارانتیت؟

سەردار/ سروە گیان ئەوەیان تازە تا مردن لەگەڵما ئەژی!.....سروە قەت نایات بە خەیاڵتا کە بڕۆینەوەو لەوێ دەست بەژیانێکی نوێ بکەینەوە؟ خۆ ئێستا ئازادیە!

سروە/ بەڵام ئێمە ئازاد نین! مناڵەکانت لەبیر نەچێتەوە، سەردار گیان وەرە با جارێک پشوویەک بەین ...ئەوسا بیرێکی لێ ئەکەینەوە!

سەردار/ (بەمە بزەیەک ئەگرێ) ڕۆژێک.....جارێک.....هەر چاوەڕێم....من ئەمەوێت بەمال و مناڵەوە بڕۆینەوە، ئەو تەمەنەی ماومانە لەوێ بیبەینە سەر!

سروە/ (بەبزەوە) تەمەن لەهەر کوێیەک بێت هەر ئەڕوات!....فەرموو..(دەست بۆ ژوورەوە ڕائەکێشێت)

سەردار/ئاخ لەتۆ!...(بەبزەوە)....فەرموو! (ئەڕۆن)

-کۆتایی- ئومێد/2003/08